بارزانی ڕەخنەی هێزەکانی عێراق لە پاراستنی ئاشتیی کەمەڵایەتی و ڕەحی پێکهێوەژیان بەرز دەنرخێنێت



مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ پێشوازی لە شاندێکی شێخەکان و کەسایەتیی هێزەکانی عێراق کرد و جەختیانکردەوە، عێراقییەکان ئەو توانایەیان هەیە کە کێشەکانیان لە ڕێگەی دیالۆگ و یەکترقبوڵکردن دور لە جەمسەرگیرییە هەرێمی و دەوڵییەکان چارەسەر بکەن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی بارەگای بارزانی، ئەمڕۆ دوشەممە لە سەڵاحەدین مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی شێخەکان و کەسایەتیی هێزەکانی پارێزگاکانی عێراق دەکات، لەو دیدارەدا بارزانی بە گەرمی بەخێرهێنانی شاندی میوانی کرد و ڕێی هێزەکانی عێراقی لە پاراستنی ئاشتیی کەمەڵایەتی و ڕەحی پێکهێوەژیان لەنێوان ڕێهەکانی نیشتیمان بەرز نرخاند.

هەر لەو دیدارەدا شاندی میوان جەختیان لە بۆای پتەوی خێیان لەمەڕ یەکگیزیی عێراقییەکان کردەوە وەك بنەمایەك بۆ سەقامگیری و هەروەها دیالۆگیان وەك باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە قەڕەمدا

شاندی میوان پشتگیریی خەیان بۆ هەوانگەی مەرجەعیەتی باڵای ئایینی لە نەجەفی ئەشرەف دوپاتکردەوە کە چەك تەنیا لە دەستی دەوڵەتدا بێت و یاسا باڵادەست بێت و دادپەروەری لەنێوان هاوڵاتیان بەدی بێت، هەروەها شاندی میوان هەر جەرە دەستووردانی دەرەکییان لە کاروباری عێراق ڕەتکردەوە و جەختیانکردەوە کە عێراقییەکان ئەو توانایەیان هەیە کە کێشەکانیان لە ڕێگەی دیالۆگ و یەکترقبوڵکردن دور لە جەمسەرگیرییەی هەرێمی و دەوڵییەکان چارەسەر بکەن.